**کاك هاوڕێ**

سلاو...

**کاك ئاکۆ ئاکۆیی لەژمارە (٤٣٠)ی رۆژ ٢٠٠١/٩/٣ وتارێکی لەسەر کتێبەکەت نووسیوە، حەز دەکەم بیخوێنیتەوەو وەلامت هەبێ.**

**لەگەڵ رێزمدا....**

**سەرنووسەری ئالای ئازادی**

**نەهرۆ هەینی**

## *تێبینییەك بۆ کتێبی*

# ئالای کورد

**ئاکۆ ئاکۆیی**

لەماوەی رابردوودا کتێبێك بەناونیشانی (ئالای کورد) لەنووسینی کاك (هاوڕێ باخەوان) کەوتە کتێبخانەی کوردی، دیارە ئەم کتێبە باس لەبابەتێك دەکات بەنیسبەت هەر تاکێکی کۆمەڵی کورد زۆر گرنگە ئەویش ئالای کوردە کەئەم کتێبە لێی دەدوێت و پێویستە هەموومان بیخوێنینەوە.

ئەم نووسینەی من تێبینییەکی لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکە نییە، بەڵکو تەنیا لەسەر وێنەی ئالای کوردستانە کەبەڕەنگاورەنگی لەسەر بەرگی یەکەمی کتێبەکەیەو بەسەرەو خواری چاپ کراوە، بەم شێوەیە سەوز لەسەرو سپی رۆژ بەڕەنگی زەرد لەنێوی لەناوەڕاست سوور لەخوارەوە، کەهەڵەیەو راستییەکەی پێچەوانەکەیەتی، سوور لەسەروو سپی رۆژ بەڕەنگی زەرد لەناوەڕاست سەوز لەخوارو.

رەنگە ئەم هەڵەیە لەنووسەر نەبێت بەمەرجێك سەرپەرشتی چاپکردنی نەکردبێت، چونکە کەسێك کتێب لەسەر ئالای کوردستان چاپ بکات، دەشزانێ شێوەی ئالا لەڕەنگ و ریز بەندکردنی چۆنە، پێم وایە ئەم هەڵەیە لەو برادەرە بێت کەهێڵکاری بەرگی کردووە، یان ئەم هەڵەیە بگەڕێتەوە بۆ هەر کەسێك لەنووسەرەوە تانەخشەسازو... تاد، بەلام پاش چاپکردنی کتێبەکە برای نووسەر دەبوا بەهیچ شێوەیەك ئەم کتێبەی نەخستبایە پەرتوکخانەو بەردەستی خوێنەر تاهەڵەکەی راست نەکردبایەوە، ئەمە هەڵەی چەند وشەیەك و چەند دێڕێك نییە کەئاساییە، بەلام هەرگیز ئاسایی نییە کتێبێك لەسەر ئالای کوردستان بێت و ناونیشانەکەشی هەر بەناوی ئالای کورد بێ و کەچی وێنەی ئالای کوردستان بەهەڵە لەسەر بەرگی دابێت، وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پیکردووە گەر نووسەر لەنزیکەوە ئاگای لەقۆناغەکانی چاپکردنی کتیبەکەی نەبوو بیت یان سەرپەرشتی نەکردبیت ئەمە گلەیی لیناکریت.

ریزبەندکردنی ڕەنگ لەئاڵاو خودی ڕەنگەکانیش واتاو هێمای خۆی هەیە، ئاڵای کوردستانیش بەهەمان شێوە، ئاڵای هەندێ وڵات هەن لەژمارەو جۆری ڕەنگەکان وەکو یەکن، بەڵام لەڕیز بەندکردنی ڕەنگەکان جیاوازن، لەهەر دەستکاری کردنێك وەك جێگۆڕکێی ڕەنگەکان‌و سەروخوارو زیادکردنی هێمایەك گۆڕان بەسەر ئاڵاکە دێت، بۆنموونە ئاڵای وڵاتانی یوگوسلافیاو روسیاو هۆڵەندا لەڕەنگدا وەکو یەکن‌و بریتین لەڕەنگی سورو شین‌و سپی، بەڵام لەڕیز بەندکردندا جیاوازن بۆیە هەر گۆڕانێك لەئاڵای هەر وڵاتێك مۆرکی ئاڵاکەی پێوە نامێنێ، بۆیە ناکرێت ئاڵا بەسەرو خواری هەڵبکرێت یاخود چاپ بکرێت وەکو ئەوە وایە وێنەی کەسێك بەسەرو خواری هەڵبواسین‌و بڵێی ئەم وێنەیە هیچ هەڵەی تێدا نییە.

جێگای داخە بۆ هەر تاکێکی کورد شێوازی ئاڵا هەڵکردنەکەی نەزانێت بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەبواری نووسین‌و بڵاوکردنەوەو چاپ‌و نەخشەسازی کاردەکەن.

پێشنیار دەکەم بۆ کاك هاوڕێ باخەوان کتێبەکەی لەپەرتووکخانەکان کۆبکاتەوەو هەڵەی ئاڵاکە ڕاست بکاتەوە، یاخود تێبینییەك بداو بڵاوی بکاتەوە.